# یەکگرتوو و دکتۆر کەمال لە نێوان پێشێل کردنی یاساکان و غیابی موئەسەساتدا.

**ئارام رەفعەت**

هاوکات لەگەڵ سەفەربەری میدیا و تریبۆنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتە هاوپەیمانەکانی بۆ بەشداری پێ کردنی زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، وە پەسنی ئەو پرۆسەیە وەک ڕوداوێکی گرنگی دیموکراسی و سەرەتایەک بۆ فەراهەم کردنی ئازادی کۆمەڵگا، کوردستان شاهیدی دوو ڕوداو بوو لەسەر دەستی ئەم پارتەدا. یەکەمیان ڕفاندن و دواتریش زیندانی کردنی دکتۆر کەمال سەید قادر و ئەوی تریشیان داخستن و سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو و کوشتن و بریندار کردنی هەندێک لە ئەندامانی ئەو حیزبە بوو. ئەم دوو ڕوداوە نەک هەر بە پێچەوانەی پەیام و بانگەواز و بەڵێنەکانی هەڵمەت و بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بوون، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆریش پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستاندا خستە ژێر پرسیارەوە، بە جۆرێک کە ئەو بناغەیەی کە ئومێد دەکرێت بۆ دیموکراسی و ئازادیە بنەڕەتیەکان و مافەکانی مرۆڤ وە لە کوردستاندا دابڕێژرێت هەر لەگەڵ دەسپێکیەوە بەلاواز و فشۆڵ بێتە پێش چاو.

هەرچەند ئەو دوو ڕوداوە ، بۆتە مایەی سەرنج و هەڵوێستە کردنی زۆر یەک لە ڕۆشنبیران و لایەنگرانی ئازادیە سیاسی و مەدەنیەکان، بەڵام گەورەیی ڕوداوەکان و مەترسی دووبارە بوونەوە و جێکەوتە بوونیان لە کوردستاندا، شرۆڤە و هەڵوێست و دەنگی زێتری گەرەکە، لەم سۆنگەیەوە لەم بابەتەدا هەوڵ دەدرێت کە هەندێک ئاماژە و هۆکاری پشت ئەم دوو ڕوداوە بەرجەستە بکرێت.

گەڕان بەدوای پانتاییەک بۆ بەراورد کردن و دۆزینەوەی وێنەی هاوبەش لە نێوان کاک کەمال و یەکگرتوودا تا ڕادەیەک کارێکی ئەستەمە. ئەم لەیەک نەچوونە لەوێوەیە کە ئەمیان تاکێکی ئەکادیمی و ئەویشیان پارتێکی سیاسیە و پێگە و پانتایی کاریگەریان لەکۆمەڵدا جیاوازە، هەرکامێکیان خودانی ئامانج و جیهان بینی و ئاراستەی لەیەک جیاوازن. ئەوەی کە ئەم دوانە لە تایەی تەرازویەکدا کۆ دەکاتەوە و شوناسێکی هاوبەشیان دەداتێ (قوربانی بوون)یانە، کە هەردووک لایان باجی پێوانە ئازادیەکان و بەها دیموکراسیەکان لە کوردستان دەدەن. لێرەوەیە کە زیندانی کردنی دکتۆر کەمال و هێرش بۆ سەر بارەگاکانی یەکگرتوو دەبنە بارۆمیتەری فەزای دیموکراسی و کەشی ماف و یاساکان لە کوردستاندا وە مەودایەکی فراوانتر وەردەگرن کە ئەمیش چارەنووسی ئازادی و مافەکانی تاک و کۆمەڵە لە سایەی دیموکراسیەتی لەقاڵب دراو بە وێردە موقەدەسەکان. بەمانایەکی تر پۆلێن کردنی چەمکە دیموکراسیەکانە بەسەر حەڵاڵ و حەرامەکاندا، کەدەرەنجامەکەی ئەتک کردن و لەبار بردنی بەها جوانەکانی دیموکراسین لە کوردستاندا.

لێرەدا دەکەوینە بەردەم حاڵەتی بەرگری کردن، بەرگری کردن لەوە نا کە دکتۆر کەمال چی گوتووە و یەکگرتوو چی کردووە، بەرگری کردن لەوەی کە بە چ پێودانگێک پێویستە هەڵوێست لەسەر گوتەی ئەم و کردەی ئەو بگیرێت، کە ئەوەش کرۆکی نیگەرانیی زۆربەی ئەوانەیە کە دڵیان بۆ ئازادی و دیموکراسیەتی کوردستان لێدەدا و لەسەر ئەم ڕوداوانە هاتونەتە وەڵام. بە گەڕان بەدوای ئەو پێودانگەدا دەتوانیین لە هاوکێشەیەکی لاسەنگ خۆمان بپارێزین، پێودانگێک کە لەنێوان حاکم و مەحکومدا، لە نێوان ڕەخنە گر و ڕەخنە لێگیراودا، وە لە نێوان هێرش بەر و پەلامار دراودا هاوسەنگییەک لەیاسا و مافی وەک یەک بوون فەراهەم بکات و سەرەنجامیش سەروەری یاسا و بنەمای ئازادیە تاک و گشتیەکانیش بپارێزێت.

ئەم هاوسەنگیەش دەبێتە مەحاڵ وە پێودانگەکانیش دەبنە کاڵای ڕێک بۆ باڵای بەرژەوەندیە کەسی و بنەماڵەیی و حیزبیەکان، ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ حوکمڕانی و باڵادەستی موئەسەساتەکان. بە مانایەکی تر دیموکراسی بێ موئەسەساتی دەستوری کە مەوداکانی ئازادی و ماف و ئەرکەکان ڕەنگڕێژ دەکات، بێجگە لە چەند مەقوەلە و موزایەداتی سیاسی، یان جۆرێک لە پاشاگەردانی مانایەکی تری نابێت. بە دەربڕینێکی تر ئەوە موئەسەساتە کە شەبەحی زاڵ بوونی میزاج و بەرژەوەندیەکانی تاک و بنەماڵە و حیزب لەسەر کۆمەڵ و تاکەکانی دەڕەوێنێتەوە و لەهەمان کاتیشدا ئەم میزاج و بەرژەوەندیانەش ڕام و کۆنترۆڵ دەکات و لە چوارچێوەی بەرژەوەندی و مۆراڵی گشتیدا جێیان دەکاتەوە، لێرەوەیە کە موئەسەسات وەک زامنی باڵادەست بوونی یاسا و ماف و ئەرکی هاوڵاتی بوون وە لەیەک وشەدا دیموکراسی دەکات.

بە بڕوای من، ئەوەی کە لە کوردستان ڕووی داوە، بەرلەوەی بە بەرقەرار کردن یان بە پێشێل کردنی دیموکراسی ناو بنرێت، دەبێت وەک بەشێک لەغیاب یان لاوازی موئەسەساتی چاو لێ بکەین. لە نەبوونی موئەسەسات دا بەرژەوەندی و میزاجی تاک و حیزب بڕیار دەدات. بۆ نموونە لە کێسی دکتۆر کەمال دا ئەو پێوانەیەیە کە بڕیار دەدات کە ئایا بابەتەکانی ئەو کەسە تۆمەت و تەشهیر ئامێزن یان لە چوارچێوە و سنووری ئازادیەکاندا دەکرێت هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکرێت. ڕوونتر بڵێم هەمان ئەو پێودانگەی کە ئەو کەسەی بە 30 ساڵ مەحکووم کردووە، کەسانێکی تری خەڵات کردووە کە بەشێوازێک لە شێوازەکان بە هەمان زمانی دکتۆر کەمال ئاخاوتوون، بەڵام پەیڤەکانیان لە گەڵ بەرژەوەندی حیزبی و میزاجی کەسایەتیەکاندا یەکانگیر بوون.

دەرهاویشتەیەکی تری زاڵ بوونی میزاج و مۆراڵ بەسەر ئەنستیتیۆکاندا یان شوێن گرتنەوەی، شێواندنی شیرازە و هاوکێشەی هاوڵاتی بوونە. بۆ نموونە لە زۆر حاڵەتدا حەسانەی مەعسومیەت دەدرێت بە کەسایەتیە سیمبۆل و خودان کاریزماکان و لەو سەریشەوە مۆرکی مەحکومیەت و لە یاسا بەدەربوون دەدرێت لە تەوێڵی ئەوانەی کە پەرژینی ئەو سیمبۆل و موقەدەساتانە دەبەزێنن. لەم حاڵەتەدا نوسەرێکی وەک کاک کەمال هێندەی مەحکومە بە پێشێل کردن و بەزاندنی ئەو سنوور و مۆراڵە موقەدەسانە هێندە مەحکوم نییە بە کرێتیریای تری وەک جدیەت و ڕاستەقینە بوون و نەبوونی ریفرێنسی بەڵگەکانی وە یان جێ گومان بوون و نەبوونی سەرچاوە و و زانیاریەکانی، وە لەوانەش گرنگتر پەیوەندی ئەو (کاک کەمال) بەو سەرچاوانەوە.

ئاماژەیەکی ناحەزی تری ئەم دۆخە لەوەدایە کە بێجگە لەوەی تەم و مژێک لەسەر شوناسی کەس یان تەرەفی ڕاستەقینەی شکایەت کار هەیە، هەمان حاڵەتیش بۆ خوودی مەحکەمەکە و دادوەر و داکۆکی کار ڕاستە. ئەمەش تێکەڵیەک و ئاڵۆزیەک بەرهەم دێنێت کە گومانێک لەسەر هەموو دەزگای قەزائی لە کوردستان درووست دەکات و وەک دەزگایەکی حیزبی کە بەرگری لەبەرژەوەندی هەندێک لەسەر حیسابی ئەوانی تر بکات. هەر ئەو شێوازە مەحکوم کردنەشە کە مەودایەک بۆ گومان و بیر کردنەوە لە ئەگەری ڕاست بوون یان نەبوونی ئیدیعاکانی کاک کەمال ناهێڵێتەوە، کە ئەو گوومانەش سەرەتای دیموکراسیە.

لایەنگرانی ئازادی دکتۆر کەمال کەمتر هەوڵیان داوە کە ڕایەڵی هاوبەش لە نێوان گیرانی ئەو و سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو بەرجەستە بکەن، وە بەڕای من ئەوە خاڵی لاوازیانە، چونکە ناکرێت ئەگەر قسە لە ئازادی بکەین، لەیەک کاتدا داوای ئازاد کردن بۆ کەسێک بکەیت و لە ئاست سەرکوت کردنی لایەنێکیشدا جۆرێک لە بێدەنگی هەڵبژێریت، یان لانی کەم بەهەمان حەماسەتەوە بەرگری لێ نەکەیت. ئەگەر پەیامی پشت ئازاد کردنی دکتۆر کەمال بەرگری کردن بێت لە ئازادی بیروباوەڕ و سەروەری یاسا، پێویستە کە ئاماژەی هاوبەشی کەلەپچەی دەستی دکتۆر کەمال و دوکەڵی سەر بارەگاکانی یەکگرتوو وەک زنجیر کردن و پێشێلکردنی ئازادیەکان پەی پێ ببرێت.

بۆئەوەی  شووت و شووتی تێکەڵ نەکرێت، دیسان پێویستە کە پەنجە بخرێتەوە سەر زامەکان و دەبێت بگەڕێینەوە بۆ غیابی یان لاوازی حوکمڕانی و سەروەری  موئەسەسات. وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد یەکگرتووش لەم جارەیاندا قوربانی ئەم حاڵەتەیە، بەڵام هەقیقەت ئەوەیە کە بەپێچەوانەی زۆرینەی کەس و لایەنی سیاسی، کە لەچەند ساڵی ڕابردوودا ماف و ئازادیان هێرشی کراوەتە سەر و پێ شێل کراوە ئەم حیزبە یەکەمین جارێتی کە دەستی بکەوێتە ناو ئەم ئاگرەوە. ڕێک بە بەرئاوەژووی لایەنەکانی تر یەکگرتوو گەورەترین موستەفیدی ئەم پاشاگەردانی و سەروەرنەبوونی یاسا بووە، سەرەڕای ئەگەری دووبارە بوونەوەی حاڵەتی بادینان بە شێوە و شکڵی جۆراوجۆر، بەڵام هێشتا یەکگرتوو هەر بە موستەفیدی دەمێنێتەوە تا دام و دەزگاو و حکومەتی موئەسەساتی لە کوردستان دانەمەزرێت یان (ئەگەر بناغەیەک هەیە) بەهێز نەبێت.

بۆ خورد کردنەوەی ئەم ڕستانەی سەرەوە دەکرێت بگووترێت کە لە لایەکەوە یەکگرتوو ئازادە و مافی خۆیەتی کە چ ئایدیۆلۆژیەتێک تەنانەت چ هاوپەیمانەتیەک هەڵدەبژێرێت و کاری بۆ دەکات وە چەند لە کێشەی کورد دوور بێت یان کەمتەرخەم و تەنانەت ڕێگربێت. لە دوا مەنزڵدا ئەوە مافی جەماوەرە کە حوکمی خۆی  بە دەنگ دان و هەڵبژاردن لەسەر حیزبەکان بدات، نەک مافی پارتێکی تر کە بە گوێرەی مۆراڵ یان بەرژەوەندیەکانی بە پەرچەکرداری وەک ئەوەی لە بادینان ڕووی دا، حوکم بەسەر حیزبێکی تردا بدات. لە لایەکی تریشەوە ئەوە کار و مافی موئەسەساتە حکومیەکانە کە لەسەرچاوە و بڕ و چۆنیەتی پەیدا کردن و سەرف کردنی داهاتی هەر پارت و ڕێکخراوەیەک ئاگادار بێت و مافی ڕەزامەندی یان ڕەتکردنەوەی هەبێت. بە مانایەکی تر پێویست بوو کە یەکگرتوو نەک لەلایەن حیزبەوە بەڵکوو لەلایەن حکومەتەوە، وە نە بەهۆی جیهانبینی و ئایدیۆلۆژیەت و هاوپەیمان بوون و نەبوونیەوە، بەڵکو بەهۆی سەرچاوە و ڕێگای دەسکەوتن و بەکار هێنانی داهاتەکانی وە ئامانجەکانی تەرەفی کۆمەک بەخش، لێپرسینەوەی لە گەڵدا بکرێت، وە لە پێناو سەروەر بوونی یاسا و پاراستنی ئاسایشی  نەتەوەیی ڕێگە لەو حیزبە و هەر حیزبێکی تر بگرێت کە وەک حکوومەتۆکەیەکی سەربەخۆ و وەک خاوەن دارایی و پڕۆژەی حیزبی بەڵام بە سەرچاوەی پەترۆ-دۆلاری پرسیار هەڵگرتو و نادیار لە ناو حکوومەت و کۆمەڵدا کار بکات.

لە تەتڵە کردنی بابەتەکەمدا دەڵێم، سڵ کردنەوە لە دووکەڵی بارەگاکان و نا حەزی بە کەلەپچەی دەست، نرخ و بەهاکانی ئازادی و دیموکراسی زەقتر دەکەنەوە. بەڵام ئازادی و دیموکراسی هەردەم موعەڕەزن کە لەناو دوکەڵ و کەلەپچە کاندا خەفە بکرێن ئەگەر بەرز ڕانەگیرێن و نەخرێنە سەرووی بەرژەوەندی و مۆڕاڵی کەسایەتی و پارتەکان، وە زامنی ئەوەش موئەسەساتە دەستووری و حکوومیەکانن کە بە هەمان پێوەر ئازادی و مافی هەر تاک و لایەنێک بپێوێت و بە مەودایەکی یەکسانیش لە ئاستانەی هەموو لایەک دا بووەستێت.